# وەقایعی کوردستان

**پۆژنامەی فەرمی حكومەتی هەرێمی كوردستانە - وەزارەتی داد هەفتانە دەری دەكات**

**ژمارە (٩٩) چاپی یەكەم ساڵی نۆیەم ٢٠٠٩/٥/٢٥ م ٤/جۆزەردان/٢٧٠٩ كوردی ٣٠/جمادي الاول/ ١٤٣٠ ك**


**لەم ژمارەیەدا :**

**99**

Waqaehi Kurdistan


* **بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ ی سەرۆكایەتی هەرێم** ........................ لا ١

  پێدانی دەسەڵات بە سەرۆكی هەرێم بۆ دیاری كردنی كاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكانی خوولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق.

* **پەیڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩ ی ئەنجومەنی وەزیران** ........................ لا ٢

  پەیڕەوی كاری دڵنیایی جۆریی لە حكومەتی هەرێمی كوردستان.

* **ڕێنمایی ژمارە (١)ی سڵی ٢٠٠٩ ی ئەنجومەنی دادوەری** ........................ لا ٧

  لە ناوبردنی هەندێك لە بەرابیەكانی دادگاكان لەدوای هەڵگرتنی دانەیەك لێی و بەرگ كردنی لەكاتی نەبوونی تۆمارنامەی تایبەت بەخۆی.

* **ڕێنمایی ژمارە (١)ی سڵی ٢٠٠٩ ی وەزارەتی كشتوكاڵ** ........................ لا ٨

  بۆ پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی كشتوكاڵ دەرچووە.

* **ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩ ی وەزارەتی بازرگانی** ........................ لا ١٢

  بۆ مۆڵەتی كاركردن بۆ بریكارنامەی بازرگانی

* **بەیانی ژمارە (٢ و ٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی وەزارەتی داد** ........................ لا ١٦

* **بەیانی ژمارە (٢ و ٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی وەزارەتی شارەوانی** ........................ لا ١٧

  گۆڕینی پلەی هەردوو شارەوانی خانكێ و مسیریك لە پلەی (٣) ەوە بۆ پلەی (٢).

* **بڕیاری ژمارە (١)ی سڵی ٢٠٠٩ ی وەزارەتی كشتوكاڵ** ........................ لا ١٨

* **بڕیاری ژمارە (١)ی سڵی ٢٠٠٩ ی وەزارەتی ناوخۆ** ........................ لا ١٨



ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی عەنكاوە باڵەخانەی وەزارەتی داد.

☎ (٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٧٥٠٤٧٢٣٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com



نرخی ٧٥٠ دینارە

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.

# وقائع كوردستان


**الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر اسبوعياً من قبل وزارة العدل**

**العدد (٩٩)   الطبعة الاولى   السنة التاسعة   ٢٠٠٩/٥/٢٥ م   ٤/جوزەردان/٢٧٠٨ كوردي   ٣٠/ جمادى الاول/ ١٤٣٠ هـ**


## في هذا العـدد:


- **قـرار رقم (٤) لسنة ٢٠٠٩ / رئاسة اقليم** ...................... ص ٢٠
  خـــاص بتخويل رئيس اقليم كوردســــتان – العــراق لتحديد موعـد إجراء انتخابات الدورة الثالثة لبرلمان كوردستان – العراق.
- **تعليمات رقم ( ١ ) لسنة ٢٠٠٩ / مجلس قضاء** ...................... ص ٢١
  اتلاف مجموعة من اوليات المحاكم مع الاحتفاظ بنسخة منها و تجليدها عند عدم وجود سجل خاص بها.
- **تعليمات رقم ( ١ ) لسنة ٢٠٠٩ / وزارة العدل** ...................... ص ٢٢
  تشكيل هيئة إقامة الدعوى بالحق العـــام في رئاسة الإدعاء العــام.
- **تعليمات رقم ( ١ ) لسنة ٢٠٠٩ / وزارة الزراعة** ...................... ص ٢٤
  لحماية و تطوير الانتاج الزراعي .
- **تعليمات رقم ( ١ ) لسنة ٢٠٠٩ / وزارة التجارة** ...................... ص ٢٩
  إجازة ممارسة أعمال الوكالة التجارية.

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية** ......................

- **نظام رقم ( ١ ) لسنة ٢٠٠٩ لمجلس الوزراء** ...................... ص ٢
  نظام ظمان النوعي في حكومة إقليم كوردستان .
- **بيان رقم ( ٢ ) لسنة ٢٠٠٩ وزارة العدل** ...................... ص ١٦
  استحداث دائرة كاتب عدل المسائية في محافظة أربيل.
- **بيان رقم ( ٣ ) لسنة ٢٠٠٩ وزارة العدل** ...................... ص ١٦
  فك مديرية جـريدة وقـــائع كوردستان من مديرية العامة للدوائر العدلية و إعادتها ربطها بالديوان الوزارة العدل.
- **بيان رقم ( ٢ و ٣ ) لسنة ٢٠٠٩ وزارة البلديات** ...................... ص ١٧
  تغيير درجة بلديتي خانكي و مسيريك الى درجة ( ٢ ) .
- **قـــرار رقم ( ١ ) لسنة ٢٠٠٩ وزارة الزراعة** ...................... ص ١٨
  تمديد العمل بقـــرار رقم ٦١١ لسنة ١٩٧٧ لمدة سنة واحدة بعد تـــأريخ انتهاء عملها في ٢٠٠٨/٧/١٢ .
- **قـــرار رقم ( ١ ) لسنة ٢٠٠٩ وزارة الداخلية** ...................... ص ١٨
  تغيير اسم ناحية (الفاروق) الى ناحية ( زيلكان ) في حدود قضاء شيخان.



**No.:99   Date : *May*,25, 2009   Vol. : 9**



**العنوان : اربيل- تقاطع عينكاوه- بناية وزارة العدل.**
☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٧٥٠٤٧٣١٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com


السعر ٧٥٠ دينار

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیار**
**ژمارە ( ٧ ) ساڵی ٢٠٠٩**

بە پێی خاڵی (٢)ی برگەی (یەکەمی) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردوویەتی لە خولی دووەمی دانیشتنی ژمارە (٦) لە ٢٠٠٩/٤/١٥ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## بڕیاری ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٩

پشت بەستن بەحوکمی ماددەی ( ٥٦ ) بڕگەی (٣) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو و ماددەی (دەیەم) بڕگەی (دووەم) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموار کراو ،لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران، پەرلەمانی کوردستان–عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦) لە ٢٠٠٩/٤/١٥ خۆیدا ، بڕیاردرا:–

یەکەم : بەدەر لە حوکمی ماددەی ( دەیەم / دووەم )لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو دەسەلاَت بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان–عێراق دەدرێ کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان–عێراق دیاری بکات و بانگهێشتی بۆ بکات پاش تەواو بوونی پێداویستیە کردەتییەکانی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە.

دووەم : پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکـــانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

سێیەم : ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) دا بلاَو دەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
٢/ گولاَن/٢٧٠٩ ی کوردی
٢٦/ ربیع الثاني/١٤٣٠ ی کۆچی
٢٢/ نیسان/ ٢٠٠٩ ی زاینی

**هۆیەکانی دەرچوواندنی**

لەبـــەر نـــەبوونی پێداویـــستە پێویـــستەکان لـــە لایـــەن کۆمـــسیۆنی بـــالاَی ســـەربەخۆی هەڵبژاردنەکانـــەوە بـــۆ ئەنجامـــدانی هەڵبژاردنـــەکان بـــەپێی پێـــوەرە نێودەوڵەتیـــەکان لـــەکاتی دیـــاری کـــراوی خـــۆی وای کـــرد مـــاوە یاســـاییەکە بـــۆ بانگهێـــشت کـــردن بـــۆ ئەنجامـــدانی لـــە لایـــەن ســـەرۆکی هەرێمەوە تێپەڕێت . بۆیە ئەم بڕیارە دەرکـرا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

# سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

## پەیڕەوی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٩
## پەیــڕەوی کاری دڵنیایی جۆریی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

لە بەر رۆشنایی بڕگەی ٣ لە ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٣ ساڵی ١٩٩٢، وە پشت بەست بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە، بڕیارماندا بە دەرکردنی پەیڕەوی کاری دڵنیایی جۆریی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە :

### پێناسەی دڵنیایی جۆریی

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لە (دڵنیایی جۆریی) بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیڕەوە، ئەو وەزیفە یە کە لە ناو وەزارەتێکدا دەخرێتە کار بۆ دڵنیایی کردنی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیر و بەڕێوەبەرە باڵاکان کە بەڕێوەبردن، بەڕێوەبردنی مەترسی، پرۆسەکان، پرۆژەکان و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکان لە وەزارەتدا ئابووری و کارا وکاریگەرن و بەگوێرەی جۆری پێویست و لەکاتی گونجاوی خۆیدا جێبەجێ دەکرێن، وە هەروەها بە مەبەستی پێشکەش کردنی ئامۆژگاری و ڕاسپاردەی گونجاو بۆ دەست نیشان کردنی خاڵە لاوازەکان و چارەسەرکردنیان، یاخود هاندانی چاکسازییەکان.

### دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی دڵنیایی جۆریی لە وەزارەتەکان و رۆڵیان

**ماددەی دووەم:**

١. دامەزراندنی (بەڕێوەبەرایەتیی دڵنیایی جۆریی) بە ئاستی (بەڕێوەبەرایەتی) لە دیوانی وەزارەتەکان و ئەو دامەزراوانەی بە پلەی وەزارەت دێن، بە سەرپەرشتی ئەو (ڕاوێژکار وبەڕێوەبەرە گشتی وشارەزا)یانەی کە سەرکەوتووانە مەشقی تیۆری وپراکتیکیان ئەنجامداوە بە پشتیوانی (قوتابخانەی نەتەوەیی حکومەت) ( National School of Government)، سەرەڕای ئەرك وبەرپرسیارێتیەکانی ئێستای خۆیان.
٢. وەزیر بەرپرسیار دەبێت لە دانانی بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆریی لە وەزارەتدا بە رەچاوکردنی ئەحکامەکانی ئەم پەیڕەوە.
٣. (بەڕێوەبەرایەتیی دڵنیایی جۆریی) ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە وەزیر، وە ڕاپۆرتەکانی پێشکەش بە وەزیر دەکرێت بە شێوەی وەرزی واتە بەلایەنی کەم چوار جار لە ساڵێکدا ، وە دەکرێت ژمارەی ڕاپۆرتەکان زیاتر بێت ئەگەر هاتوو وەزیر داوای کرد .
٤. وەزیر و سەرپەرشتیاری دڵنیایی جۆریی بە شێوەیەکی فەرمی ڕێك دەکەون لەسەر سنووری دەسەڵات و ئەرکەکان (Terms of Reference) بۆ دڵنیایی جۆریی، و پێویستە بە لایەنی کەمەوە ئەمانە لە خۆ بگرێت:

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

أ- پێدانی مافی تەواو بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان و دۆسیەی کارمەندان، ئەوەندەی پێویستە بۆ راییکردنی کاری دڵنیایی جۆریی.
ب-دیاریکردنی سنووری تەواوی کاری دڵنیایی جۆریی لەگەڵ بواری پێداچوونەوە بەپێ ی گرنگی و ئەولەویەتی بوارەکە بۆ ئەرك وچالاکییەکانی وەزارەت.
ج- پێدانی دەسەڵاتی پێویست بۆ جێ بە جێ کردنی کارەکان لە چوارچێوەی وەزارەتدا.
د- ئەو ستاندەردانەی کە کاری لەسەر دەکرێت .
هـ- شێوەی ئەو جێ بە جێ کردنەی کە وەزیر پێشبینی دەکات.

**ماددەی سێ یەم:**

١.چاوپێداخشاندنەوەکانی دڵنیایی جۆریی لە وەزارەتدا، دەبێت ئەو ئەرك وچالاکیانەش لە خۆ بگرێت کە دەکەوێتە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی ئێستای کاری سەرپەرشتیاری دڵنیایی جۆریی (ئەگەر هاتوو هەڵسان بە کارەکانی خۆیان سەرەڕای ئەرکی دڵنیایی جۆریی).
٢.بۆ ڕاستی ودابینکردنی بێلایەنی لە کاری دڵنیایی جۆریی بۆ ئەو چالاکی وئەرکانەی کە سەرپەرشتیاری دڵنیایی جۆریی خۆی بەرپرسە لێیان ، پێویستە وەزیر داوا لە لیژنەی باڵای دڵنیایی جۆریی بکات بۆ ئەنجامدانی پرۆگرامێك بۆ پێداچوونەوەی دەرەکی لەلایەن تیمێکی دەرەوەی وەزارەت.

**ماددەی چوارەم:**

سەرپەرشتیاری دڵنیایی جۆریی ئەم ئەرکە سەرەکییانەی خوارەوە جێبەجێ دەکات سەرەڕای ئەرك وبەرپرسیارێتی ئێستای خۆیان :
أ- پەیوەندیکردن بە وەزیر و لیژنەی باڵای دڵنیایی جۆریی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
ب- ڕێکەوتن لەسەر سنووری دەسەڵات (Terms of Reference) لەگەڵ وەزیردا .
ج- پلاندانان بۆ پرۆگرامی کاری دڵنیایی جۆریی .
د- دیـــاریکـــردنی کـــارەکـــانی دڵنیایی جۆریی ودابەشکـــردنی بەسەر فەرمـــانبەرانی بەڕێوەبەرایەتیەکەدا .
هـ- دروستکردنی ژینگەیەك لە ناو وەزارەتدا تا دڵنیایی جۆریی گەشە بکات .
و- دڵنیابوون لەوەی کە فەرمانبەرانی دڵنیایی جۆریی مەشقی تەواویان وەرگرتووە و کارامەیی و زانیاری تەواویان هەیە بۆ جێبەجێکردنی کاری پێداچوونەوەکان .
ز- ڕێکەوتن لەسەر ڕێگاکان و ستانداردەکانی کارکردن .
ح- پەسەندکردنی پلانی پێداچوونەوە .
گ- دڵنیابوون لە جۆری کارکردنی بەڕێوەبەرایەتی .
ی- پێداچونەوەی بەڵگەکان و دۆزینەوەکان ودەرئەنجام و ڕاسپاردەکان .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

ك- دڵنیابوون لەوەی ڕاپۆرتی دڵنیایی جۆریی تێر وتەسەلە .

**ماددەی پێنجەم:**

سەرپەرشتیاری دڵنیایی جۆریی دراسەیەکی پێویست ئەنجام دەدات سەبارەت بەو فەرمانگە و بەشانەی لەناو دیوانی وەزارەتدا کارەکانیان یان بەشێکی کارەکانیان بە جۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندیدارە بە کاری دڵنیایی جۆرییەوە یەوە و دواتر ڕاسپاردەی پێویستی خۆی بەرزدەکاتەوە بۆ وەزیر بەمەبەستی یەکخستنی کاری دڵنیایی جۆریی لە وەزارەتەکاندا.

**ماددەی شەشەم:**

دەبێت وەزیر (هۆکاری یاسایی) بخاتە بەردەست (لیژنەی دڵنیایی جۆریی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران) پێش ئەنجامدانی لەسەر کارلابردنی سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر و فەرمانبەرانی دڵنیایی جۆریی یان سزادانیان.

**ماددەی حەوتەم:**

١. بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی لە (٣-٦) فەرمانبەر پێکدێت (لە ناویاندا بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆریی)، و ژمارەی فەرمانبەرەکان دەبێت لەلایەن وەزیرەوە بڕیاری لەسەر بدرێت، لەدوای پێشنیارکردنیان لە لایەن سەرپەرشتیاری دڵنیایی جۆرییەوە.

٢. لیژنەی باڵای دڵنیایی جۆریی دەبێت ئەو ڕێنماییانە بخاتە بەردەست وەزیر لەسەر ئەو پێوەرانەی کە پێویستە ڕەچاوبکرێن لە کاتی بڕیاردانیان بۆ دیاریکردنی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتیەکە.

**ماددەی هەشتەم:**

هەموو فەرمانبەرانی دڵنیایی جۆریی دەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا بگەنە ئاستی ستاندارد و بڕوانامەی دڵنیایی جۆریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەستبهێنن .

## لیژنەی باڵای دڵنیایی جۆریی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

**ماددەی نۆیەم:**

١. بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (لیژنەی باڵای دڵنیایی جۆریی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران) پێکدەهێنرێت، کە ئەرکە سەرەکییەکانی بریتی دەبێت لە:

أ- گەشەپێدان و پاراستن و گەیاندنی ستانداردەکانی دڵنیایی جۆریی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ب- گەشەپێدان و پاراستن و گەیاندنی پەیڕەونامەی کاروباری دڵنیایی جۆریی کە فۆرمات ونەخشەی لەخۆگرتووە .

ج- بەردەستخستنی ڕێنمایی لەسەر دانانی بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆریی، وهەڵسەنگاندنی بەڵگەی یاسایی لە حاڵەتەکانی لەسەرکار لابردن و سزادانی کارمەندانی دڵنیایی جۆریی .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

د- بەردەستخستنی ڕێنماییەكان و پێوەرەكانی ستاف و دروستكردنی تیمەكانی دڵنیایی جۆریی .
هـ- بەرەوپێشبردن و پاراستنی پێوەرەكانی بڕوانامەی دڵنیایی جۆریی حكومەتی هەرێمی كوردستان، هەروەها بۆ پاراستنی دۆسیەی تۆماری ئەو كەسانەی كە بڕوانامەكەیان بەدەستهێناوە وئەوانەش كە هەوڵ دەدەن بۆ بەدەستهێنانی .
و- دیاریكردنی پێویستیەكـــانی ڕاهێنــــان و گەشەپێكردنی (زانیاری وتێگەیشتنی سەرەتایی، بەرەوپێشچوونی كارامەیی بەردەوام و پراكتیكی) بۆ كۆمەڵگای دڵنیایی جۆریی و هەروەها كاركردن بۆ پڕكردنەوەی ئەو پێداویستیانە بە باشترین ڕێگا .
ز- وەرگرتن و پێداچوونەوەی ڕاپۆرتی وەرزی وەزارەتەكان (چوار جار لە ساڵێكدا) لە بارەی چالاكی دڵنیایی جۆریی لە وەزارەتەكاندا .
ح- داڕشتن و جێبەجێكردنی پرۆگرامی دڵنیایی جۆریی بۆ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی هەر وەزارەتێك و ڕاپۆرتكردنی بۆ وەزیری پەیوەندیدار لەگەڵ هەر پێشنیارێك بۆ چاكسازی و باشتركردن .
گ- پێشكەشكردنی ڕاپۆرت دووجــــار لە ساڵێكدا لەسەر ئەنجـــــام و ئەدائی گشتی دڵنیایی جۆریی بۆ سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆك ، دەكرێت ژمارەی ڕاپۆرتەكان زیاتر بن لە دووجار لە ساڵێكدا ئەگەر لە لایەن سەرۆكی حكومەت یان جێگرەكەی داوا كرا.
ی- پێشەوایی‌كردنی پێداچوونەوەكانی تیمی هاوبەشی دڵنیایی جۆریی لەسەر خزمەتگوزارییە هاوبەشەكان و هەنگاو و پرۆگرامە سەرەكییەكان .
ك- دەبێتە ناوەندێك بۆ شارەزایی و هاریكاری كردنی بەڕێوەبەرایەتییەكانی دڵنیایی جۆریی بە پێدانی ئامۆژگاری و ڕێنمایی شارەزاییانە .
ل- بڕیاردان لەسەر ڕاپۆرتی پێداچوونەوەكان و ئەنجام و ئەدائی گشتی دڵنیایی جۆریی.

٢. لێژنەكە پاڵپشتی دەكرێت لەلایەن كەسێكی مەشقپێكراوی هەمیشەیی لە بواری دڵنیـــایی جۆریدا كە هەڵدەستێت بە جێبەجێ كردنی فرمانە كردارییەكان كە لە سنووری دەسەڵاتدا ئاماژەی پێدراوە وهەروەها هەمان كەس هەڵدەسێت بە ئامادەكردنی ڕەشنوسەكان و ڕاپۆرتەكان.

**ماددەی دەیەم:**

لێژنەی باڵای دڵنیایی جۆریی لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەڵدەستێت بە جێ بە جێ كردنی پرۆگرامێكی چاو پیاخشاندنەوەی دەرەكی بۆ كاری تیمەكانی دڵنیایی جۆریی وەزارەتەكان بۆ ئەوەی (سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیرەكان) دڵنیا بكەنەوە

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

کە بەڕێوەبەرایەتیەکانی دڵنیایی جۆریی کارەکان بە پێی ستانداردی دیاری کراو جیٚ بە جیٚ دەکەن.

**ماددەی یانزدەیەم:**

سەرجەم وەزارەت ولایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم پەیڕەوە جێبەجیٚ دەکەن .

**ماددەی دوانزەیەم:**

ئەم پەیڕەوە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجیٚ دەکریٚت، و لە رۆژنـــــامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکریٚتەوە.

**نیٚچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران**

**٢٠٠٩/٤/٧**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

## ئەنجومەنی دادوەری / هەرێمی کوردستان

**ژمارە : ٤٧ لە ٢٠٠٩/٤/٢٠**

بەمەبەستی باشتر رێکخستنی کارەکانی کارگێری لە دادگاکان بە لەناو بردنی بەراییەکانی بەڵگەکان ( حجج ) کە لە کۆگاکانیاندا کەلەکە بووە و جێگایەکی زۆریان گرتووە وە رێنمایی ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ١٩٨٩ بێ دەنگە بە لەناو بردنی ئەم جۆرە بەراییانە بۆیە ئەنجومەنی دادوەری بە کۆی دەنگ بریاری دا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :-

### رێنمایی ژمارە ( ١ ) ی ســـاڵی ٢٠٠٩

بە گوێرەی بریارەکانی مادده (٣/١٤) لە یاسای پاراستنی بەلگەنامەکان ژمارە ( ٧٠ ) ی ساڵی ١٩٨٣ و لەبەر بێدەنگی رێنمایی ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ١٩٨٩ کە لە وەزارەتی دادەوە دەرچووە سەبارەت بە رێکخستنی پاراستنی بەڵگەکان و چۆنیەتی لە ناو بردنی بەراییەکانی ( بەڵگەنامەکان ) لە دادگاکانی بەرایی و باری کەسی و مادده کەسینەییەکان ، سەربارەت بەم بابەتە ، ئەم رێنماییانەی خوارەوە دەرچووە:-

١- زیاد کردنی ئەو خشتەیەی کە لە خوارەوە دانراوە بۆ سەر خشتەی ژمارە ( ٢ ) کە تایبەتە بەو بەڵگەنامانەی دەکرێ لەناوبرێن بە تێپەربوونی ماوەیەکی دیاریکراو.

٢- لە هەرێمی کوردستان کار بەم رێنماییانە دەکرێت.

٣- ئەم ڕینماییانە لە کاتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

| ژ | خشتە | نزمترین ئاست بە ساڵ | بەرزترین ئاست بە ساڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | بەراییەکانی ( گرێبەستی هاوسەری - بەڵگەی پەسەندکردنی هاوسەری - دابەشنامەی شەرعی- دابەشنامەییاسایی - بەڵگەی ویسایە - بەڵگەی مردن - بەڵگەی لەدایك بوون - قەیمومە - بەڵگەی تەخاروج - بەڵگە جۆراو جۆرەکان - بەڵگەی میرات - بەڵگەی بەخێوکردن - بەڵگەی ڕێپێدانی هاوسەری ).<br>( لەدوای هەڵگرتنی دانەیەك لێی و بەرگ کردنی لەکاتی نەبوونی تۆمارنامەی تایبەت بەخۆی). | ٥ | ٧ |
| ٢ | بەراییەکانی ( بەڵگەی وەسیەت - بەڵگەی وەقف - بەڵگەی تەولییە ).<br>( لەدوای هەڵگرتنی دانەیەك لێی و بەرگ کردنی لەکاتی نەبوونی تۆمارنامەی تایبەت بەخۆی). | ١٠ | ١٥ |

**أحمد عبدالله زبير**

**سەرۆکی ئە نجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

# وەزارەتی کشتوکـــاڵ

**ژمارە:٣٥٠٥ لــــە ٢٠٠٩/٤/١٢**

**ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٩**

**لە لایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە بۆ پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵ دەرچووە**

بە پشت بەستن بە ئەحکامی هەردوو ماددەی چوارەم و یازدەهەم لە یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان –عێراق ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٨ . ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :

**ماددەی یەکەم :**

هەر زاراوەیەکی لەم ڕێنماییەدا هاتووە ، ئەو واتایەی هەیە کە لە بەرامبەریدا نووسراوە :

١. هەرێم :هەرێمی کوردستان – عێراق .

٢. وەزارەت : وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان – عێراق .

٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگادا .

٤. یاساکە : یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٨ .

**ماددەی دووەم :**

١. بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکە ئیدارییەکانی قەزا و ناحیەکان و بە چاودێری پارێزگار ، ئەرکی چاودێری و سەرپەرشتی کردنی کاروباری بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ لە چوارچێوەی پارێزگاکەو پاراستنی زەوی و زاری کشتوکاڵ و رووەك و باخ و دارستان و پاوان و سامانی ئاژەڵ و سەرچاوەکانی ئاوی ئاودێری و ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ و رەوانە کردنی سەرپێچ کار و زێدەڕۆکارانی سەر ئەم سامانە نیشتمانییە بۆ دادگا بە مەبەستی سزادانیان بەپێی یاسا، دەگرنە ئەستۆ .

٢. بەڕێوەبەرایەتی ڕێنمـــایی کشتوکـــاڵ بە هەماهەنگی لەگـــەڵ بەڕێوەبەرایەتی تەکنیکییەکانی دیکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ و یەکێتی جووتیاران و کشتیاران و کەسانی پەیوەندیدار بە ناوەڕۆکی ئەحکامی یاساکە ئاشنا دەکات و ڕێنمایی و هۆشیاریان دەکاتەوە . هەروەها ئەو کارانەشیان بۆ روون دەکاتەوە کە دەبێ بیکەن یان نەیکەن ، لە پێناو پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵ و ڕێ گرتن لە زیان گەیاندن پێی .

٣. ئەحکامی هەردوو بڕگەی (٢,١) ی ئەم ماددەیە بەسەر کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان و ئەو کۆمەڵانەی لە بواری کشتوکاڵدا کار دەکەن و جووتیاران و کشتیاران و کشتیارانی کشتوکاڵ و ئەو کەسانەی لە کەرتی کشتوکاڵدا کار دەکەن ،پیادە دەبێت .

**ماددەی سێیەم :**

هەر کارێکی زیان بە زەوی کشتوکاڵ بگەیەنێ وەك بەکارهێنان بۆ مەبەستی دی بێجگە لە کشتوکاڵ یا وازهێنان یا کارێك بە پیتی کەم کاتەوە یا خاکی لێ هەڵکەندرێ و بگوازرێتەوە بۆ

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

شوێنی دی یا تەرخان کردنی بۆ شوێنی تایبەتی خێزانی یا گەشت و گوزار یا هەر کارێکی لەم شێوە سەرپێچییە لەم یاسایە.

**ماددەی چوارەم :**

پێویستە دەزگاکانی وەزارەت هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بکەن. بۆ دانانی سیاسەتێکی ستراتیژی بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان .لە پێناو هاندانی جووتیاران تا بگەڕێنەوە گوندەکانیان .

**ماددەی پێنجەم :**

بە هەموو شێوازێکی بەر دەست کار بکرێت بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە ئاوی باران و رووبارو جۆگاو کانیاوەکان . بە مەبەستی رێ گرتن لە بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی و دەست گرتن بە ئاوەوە لە رێی دروست کردنی بەربەستی گلێن و گۆلیچکە و پۆند بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران و بۆ مەبەستی ئاودێری و بۆ ئاودانی دارو درەخت بەکار بهێندرێ .هەروەها بلاو بوونەوەی ئامێری ئاودان بە دلۆپاندن و رشاندن بە شێوەیەکی فراوان لە هەرێمدا و لە کاتی کڕینیاندا پشتیوانی لە جووتیاران بکرێت .

**ماددەی شەشەم :**

وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی دارایی و ئابووری و پارێزگاکاندا ئەرکی رێکخستنی پرۆسەی بازاڕگەریی بەروبوومی کشتوکاڵ لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا دەگرێتە ئەستۆ .ئەمەش لە رێی کۆنترۆڵ کردنی بڕی هاوردەو هەناردە بە گوێرەی پێویستی هەرێم .لەگەڵ دیاری کردنی ئەو باج و رەسمەی دەخرێتە سەر بەروبوومی هاوردەی کشتوکاڵ کە لە یەك کاتدا ،کە لە پاراستنی بەرهەمهێنەرو بەکاربەری ناوخۆ رەچاو دەکرێت .

**ماددەی حەوتەم :**

وەزارەت بۆ وەدەست هێنانی پارەی پێویست بۆ قەرەبووی کێڵگە چێنراوەکان و پرۆژەکانی کشتوکاڵ کە تووشی لەناوچوون یا زیان پێکەوتن دەبن لە دەرئەنجامی رووداو یا هێزی دەرەکی هەوڵ دەدات .

**ماددەی هەشتەم :**

وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان ئاسانکاری پێویست بۆ دامەزراندنی کۆگای ساردخانە و بەستوو لە لایەن وەبەرهێنەران پێشکەش دەکات .

**ماددەی نۆیەم :**

لە قۆناغی ئێستادا بەروبوومی ستراتیژی ئەمانەن بەپێ ڕێزبەندی دادێ:

یەکەم:دانەوێلەکان ١- گەنم ٢- برنج ٣- نۆك ٤- نیسك

دووەم:بەروبوومی ئالیك ١- جۆ ٢- دەرەی زەرد ٣- وێنجە

سێەم:بەروبوومی زەیتی ١- زەیتون ٢- گوڵە بەرۆژە ٣- پاقلەی سۆیا

چوارەم:سەوزەوات (بەتایبەتی ١- تەماتە ٢- خیار ٣- پیاز ٤- پەتاتە )

پێنجەم:میوەجات (بەتایبەتی ١- ترێ ٢- هەنار ٣- سێو ٤- خۆخ )

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**ماددەی دەیەم :**

پارێزگار ، دوای راوێژ کردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەپارێزگادا ،لیژنەی تایبەت لە پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا پێك دەهێنی .بۆ بەئاکام گەیاندنی هەڵسوکەوتی یاسایی دەرهەق بە سەرپێچیکارانی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە جووتیاران ،خاوەن مولك ،کشتیاران ،خاوەن پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەبواری کشتوکاڵ ، کەسانی پەیوەندیدار بە کشتوکاڵ و سەرپەرشتیارانی پرۆژەکانی کشتوکاڵ.

**ماددەی یازدەهەم :**

١. ئەگەر جووتیار یان بەکارهێنەری زەویی کشتوکاڵ یان باخ یان ئەو کەسەی بەرپرسی بەڕێوەبردنیەتی ، دەرهەق بە کێڵاَن و چاندنی زەوییەکەو بایەخدان پێی کەمتەرخەمییەکی بێ پاساوی نواند . بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگار ئاگادار دەکاتەوە . پارێزگاریش بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی راسپێرێت کە بەو گوێرەی کە باوە زەوییەکە بکێڵێ و دایچێنێ یان بایەخی پێ بدات یان گرێبەست لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا بکات تا زەوییەکە دابچێنێ و بەکاری بهێنێ و رەفتار بکات لەسەر ئەو بەروبووم و چیلکەیەی لێ دێتە بەرهەم .

٢. جووتیار یان بەکاربەری زەویی کشتوکاڵ یان باخ یان کەسی بەرپرس لە بەڕێوەبردنی کە بڕگەی (١) ی ئەم ماددەیە دەیگرێتەوە ، بۆی نییە داوای بەشە کرێ بکات ، بەلاَم ئەگەر بەڵێن بدات کە زەوییەکە بەکار دەهێنێ و بە شێوەیەکی دروست و بایەخی پێ دەدات . لە کۆتایی وەرزی کشتوکاڵەکەدا زەوی یان باخەکەی دەدرێتەوە.

٣. ئەو لایەنەی زەوی یان باخەکەی پێ دەسپێردرێت ،تۆمارێك دەگرێتە دەست و هەموو داهاتو خەرجی بەکار هێنانی زەوی یان باخەکەی تێدا دەنووسرێتەوە .

٤. داهاتی زەویی کشتوکاڵ و باخ کە بڕگە (١) ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە ،لە پاش دەرکردنی پارەی خەرجی و کرێ و پاسەوانی ، وەك داهاتی گەنجینەی هەرێم تۆمار دەکرێت .

**ماددەی دوازدەهەم :**

١. هەر پرۆژەیەکی کشتوکاڵی رووەك یان ئاژەڵداری ، کە هی جووتیار بێت یان کەرتی تایبەت سەرپەرشتیارێکی کشتوکاڵی دەبێت ، کە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ یان سەندیکای پزیشکانی ڤێتەرنەری یان سەندیکای هونەروەری کشتوکاڵ دەست نیشان دەکرێت .

٢. لەم پرۆژانەی دادێ دەبێ سەرپەرشتیار دابنرێت و کرێ ی سەرپەرشتیاری لە ئەستۆی خاوەن پرۆژە دەبێت بە پێ ی رێکەوتنی هەردوو لا :-

أ. باخی بەراو / لە رووبەری (١٠) دۆنم و زیاتر.

ب. باخی دێم / لە رووبەری (٢٠) دۆنم و زیاتر.

ج. خانووی پلاستیك / لە رووبەری (٢٥٠٠) م$^2$ و زیاتر (رووبەری خانووی پلاستیکەکان نەك رووبەری گشتی ) ئەم رووبەرە دەکرێت لە ساڵانی داهاتوودا زیاد بکرێت ئەگەر زیاتر بلاَوبووەوە.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

ح. ئەو باخانەی کە دەکەونە ناوچە سنووریەکان یان دوورەکان و کارمەندی کشتوکاڵ نەبوو لەو ناوچانە سەرپەریشتیار نەسەپێندرێ.
خ. نەمامگە لە (١) دۆنم زیاتر بوو سەرپەرشتیاری هەبێت.
و. پرۆژەکانی بەخێو کردنی پەلەوەری گۆشت .
د. هەڵهێنەرەکانی پەلەوەر و ماسی .
ت. پرۆژەکانی پەلەوەری هێلکەی خواردن .
ر. پرۆژەکانی پەلەوەری دایکانەی هێلکەی ترووکاندن (بۆ پەلەوەری گۆشت ) .
س. پرۆژەکانی پەلەوەری ئەژداد .
ش. کوشتارگەکانی پەلەوەرو و ئاژەڵ .
ص. کارگەکانی دروست کردنی ئالیکی پەلەوەر و ئاژەڵ و ماسیٚ .
ن. پرۆژەکانی بەخێو کردنی ماسیٚ .

٣. سەبارەت هەندێك پرۆژەی بچووکی کشتوکاڵ کە قازانجی زۆریان نابێت یا داهاتیان کەم و سنووردارە لە لایەن وەزارەتەوە سەرپەرشتیاری کشتوکاڵی بۆ دەست نیشان دەکرێت و هەر وەزارەتیش ماف و هەقی دەگرێتە ئەستۆ ئەگەر پێویست بوو .
٤. وەزارەت بۆی هەیە پرۆژەو کێڵگەی دی مەشموول بکات بە سەرپەرشتیاری کە ناویان لە بڕگە (٢) ی ئەم ماددەیە نەهاتووە .
٥. ئەو سەرپەرشتیارەی بە گوێرەی بڕگە(١) ی ئەم ماددەیە ڕادەسپێردرێت بۆ کار کردن لە پرۆژەی کشتوکاڵدا .بۆی هەیە بەپێی ڕێککەوتنی هەردوو لا کرێی سەرپەرشتی کردنەکەی لە خاوەنی پرۆژەکە وەربگرێت .
٦. پێویستە سەرپەرشتیاری کشتوکاڵ گشت توانایەکی زانستی و تەکنیکی خۆی لە پێناو سەرخستنی پرۆژەی کشتوکاڵەکەدا بخاتە گەڕ ،ئەگەر لە کارەکەشیدا کەمتەرخەم بوو ،هاوشانی خاوەن پرۆژەکە لە ئاست سەرنەکەوتن یان ئەو زیانەی بەر پرۆژەکە دەکەوێت ،بەرپرس دەبێت .
٧. سەرپرشتیار بەرپرسیار نابێت ئەگەر پێشتر یان دەمودەست هۆکاری سەرنەکەوتن یان زیان لێکەوتنی پرۆژەکەی ،بە لایەنی بەرپرسی پرۆژەکە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و خاوەنی پرۆژەکەش گەیاند. هەروەها ئەوەش روون بکاتەوە کە لە توانایدا نیە ئەو هۆکارە بەرپەرچ بداتەوە یان چارەسەری بکات .

**ماددەی سێزدەهەم :**

١. بەبیٚ ڕەزامەندیی نووسراوی وەزیر ، نابیٚ کار بە ئاراستەی سکاڵای سزادان دژ بە فەرمانبەرانی کشتوکاڵ یان سەرپەرشتیارانی پرۆژەکانی کشتوکاڵ بکرێت ،کە سەرپێچیان لە حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە کردووە .


WWW.MOJKURDISTAN.COM

٢. لەسەر خواستی سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە پارێزگاکاندا ،داواکاری گشتی سکالا دژی سەرپێچیکارانی ئەم ڕێنماییە لە خاوەن زەوی یان باخ یان جووتیار یان کشتیار یان کەسانی پەیوەندیدار بە کشتوکاڵ یان خاوەن پرۆژەکانی کشتوکاڵ بەڕێوە دەبات .

**ماددەی چواردەهەم :**

لە رۆژی بلاو کردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان ) کار بەم رێنماییە دەکرێت .

**عبدالعزيز طيب**
**وەزیـــری کشـــتـــوکال**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

# وەزارەتی بازرگانی

## ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی٢٠٠٩
## مۆڵەتی کارکردن بۆ بریکارنامەی بازرگانی

پاڵپشت بە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ڕێکخستنی بریکارنامەیبازرگانی ژمارە (٥١)ی ساڵی ٢٠٠٠ و یاسای ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ پەرلەمانی کوردستان و پەسندکراو لە لایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری ژمارە(٣٦)ی ساڵی٢٠٠٧ مۆڵەتی کارکردنی بریکارنامەی بازرگانی بەپێ ی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە دەبێت :

**مـاددەی(١):**

ئەگەر دواکار کەسێکی سروشتی (طبیعي) بێت ،پێویستە داواکاری پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان بکات بەسەرجەم بەلگەنامە هاوپێچ کراوەکانی خوارە و بۆمەبەستی بەدەست هێنانی مۆلەتی کاری بریکارنامەی بازرگانی :

١. ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی (اصلی – کۆپی کراو) .
٢. ناسنامەی ژووری بازرگانی .
٣. دەست بەسەراگرتنی ناوی بازرگانی لە ژووری بازرگانی هەرێم .
٤. بەڵگەنامەی خاوەندارێتی موڵك یان گرێبەستی بەکرێ دانی نووسینگەی بازرگانی پەسەند کراو .
٥. تیانووس بۆ تۆمارکردنی عمولاتی بریکاری بازرگانی .
٦. شوێنی نیشتەجێ بوون .
٧. گرێبەستی بریکاری بازرگانی کۆمپانیایەکی بیانی کە پەسەندکراو بێت لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا جێ بەجێ بکرێت لەبەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکە .
٨. بەڵێن نامەی کاتب عدل ئەم زانیاریانەی تێدابێت :

أ. نابێت فەرمانبەربێت لەهیچ دائیرەیەکی حکومی یان کارپێ سپێردراوبێت لە وەزیفەی گشتی .
ب. بە هیچ سزایەکی تایبەت بە ئابرو بردن تاوانبار نەکرابێت .
ت. ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان و ئەوانەی لەو پلەیەن یاخود مووچەی هاوشێوەی وان وەردەگرن ، وە سەرۆك و بەڕێوەبەرەکانی دەزگا و فەرمانگە و نووسینگەکانی سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران وەسەرۆکایەتی هەرێم وە پلە تایبەتیەکان بۆیان نیە کاری بریکارێتی بازرگانی بکەن تەنها دوای تەواو بوونی ساڵێك لەبەر پرسیارێتی یان تەواو بوونی پەیوەندی فەرمانبەرێتی بە پێ ی خواستی ئەوسات .
ج. دەبێت ئەو کەسە تەنها خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی بێت .

٩. توانای دارایی کەمتر نەبێت لە (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد ملیۆن دیناری عێراقی .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**مــاددەی (٢) :**

ئەگەر پێشكەشكار كۆمپانیا بێت پێویستەجگەلەبڕگەكانی (٣، ٤، ٥، ٧) لە ماددەی یەكەم لەو ڕێنماییە دەبێت هەلگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت و گشت سەرمایەی ئەو كۆمپانیایە خاوەندارێتی تەنها عێراقی بێت، لەگەڵ پێشكەش كردنی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە كە پەسەند كراوبێت:

١. بڕوانامەی دامەزراندنی كۆمپانیا .

٢. گرێبەستی دامەزراندنی كۆمپانیا .

٣. كۆنووسی كۆبوونەوەی دەستەی گشتی تایبەت بە دامەزراندنی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی كۆمپانیا .

٤. ژمێریاری كۆتایی بۆ ساڵی دارایی وە ڕاپۆرتی چاودێری ژمێریاری .

٥. پێویستە بنكەی سەرەكی كۆمپانیا لە هەرێمی كوردستان بێت .

٦. سەرمایەی كۆمپانیا نابێت كەمتر بێت لە (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد ملیۆن دیناری عێراقی .

**مــاددەی (٣):**

لەسەر بریكاری بازرگانی پێویستە :

١. پێشكەش كردنی داواكاری بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماركردنی كۆمپانیاكان لەماوەی یەك سال لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتی كاری بریكارێتی بازرگانی بە شێوەیەكی فەرمی .

٢. پێشكەش كردنی داواكاری بۆ تازەكردنەوەی مۆڵەتی كاری بریكارنامەی بازرگانی هەموو دووساڵ جارێك لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ پێش كۆتایی هاتنی مۆڵەتەكە هەرچەندە مۆڵەتەكەی كاتی مابێت بە پیٚ ی ئەو ڕێسایەی كە لە فەرمانگەی ( بەڕێوەیەرایەتی گشتی تۆماركردنی كۆمپانیاكان ) دیاری دەكرێت .

